www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 26-4-2006 20:04

The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

**قونسلی میسر وەڵام بەچاك - لیژنەی سوید دەداتەوە.**

دوای ئەو خۆپیشاندانەسەرتاسەریەی ڕێكخراوی چاك لەگەڵ چەندین ڕێكخراوی سیاسی و جەماوەری تر ئەنجامی دا بۆ ئاشكراكردنی چارەنوسی 18 كچی ئەنفالكراوی گەرمیاندا. ئەمرۆ قونسڵی میسر هەیسەم موختار پەیوەندی بەتەلەفۆن بە(قادر نادر) كرد كەیەكێك لەنوێنەرانی خۆپیشاندەرانی شاری ستۆكهۆلم بوو، كەلەرۆژی 4/12 لەبەردەم قونسلخانەی میسر ئەنجام درا، بۆ ماوەی 20 دەقیقەگفتوگۆیان كرد، سەبارەت بەهەڵوێستی حكومەتی میسر بەرامبەر بە18 كچی ئەنفالكراوی گەرمیان.

پەیامی قونسل ئەوەبوو، (كەحكومەتی میسر بەرەسمی ئەوەبەرێكخراوی چاك رادەگەیەنێت، كەپێشوو تریش لێكۆلینەوەی سەبارەت بەومەسەلەكردووە، بەلاّم هیچ راستیەكی تیا نیە) .

نوێنەری چاكیش ئەوەی پێ ووتبوو كەسو پاستان دەكەین وەلامتان داینەوەو دیاردەكی جوانەو هیوادارین بەردەوام بن لەو شێوەمامەڵەیە.... .. وەئێمەناتوانین بەو وەڵامەهیچ لەچالاكیەكانمان رابگرین.... چونكەئێمەبەرەسمی هاتوینەتەلاتان و كۆمەڵێك بەڵگەنامەمان داوەپێتان... دواتر چاك ناتوانێت بەمەسەلەیەكی زارەكی و تەلەفۆنێك ئەم مەسەلەیەكۆتایی پێ بێنێت.... ئەمەبەرپرسیاریەتیەكی مێژوویە.... نەك رێكخراوی چاك، هیچ هێزێكی كوردستانیش ناتوانێت بێتاوانی حكومەتی میسر نیشانی خەڵكی كوردستان بدات.... بۆیەئەگەر حكومەتی میسر دەیەوێت ئەو كێشەیەبۆ مێژووش كۆتایی پێ بێنێت، دەبێت بەفەرمی وەلاّم بداتەوە.... وەهەر وەلاّمێكی دەبێتەبەڵگەیەك لەسەری.

دوای ئەوەی قونسل داوای كرد، كەیاداشتێك بگەیەنەئێمە، داوای ئەوەبكەن كەئەو ئاخافتنەی من پێتانم راگەیاند، بەنوسراو رەسمی وەلامتان بدەینەوە.... بەدڵنیایەوەهەموو هەوڵەكانی خۆم دەخەمەگەڕ، كەبەرەسمی وەلاّمتان بدەنەوە.. وەقونسل ئەوەی راگەیاند، كەئەو ناتوانێت بەنوسراو ئێستا وەلاّمتان بدەمەوە، چونكەلەدەسەلاتی ئەو نیە.

شایەنی باسەكاك هەیسەم موختار هەر لەیەكەم دیداری نوێنەرانی خۆپیشەندەران ریزی گرتبوون و ئەوەی پێ راگەیاندن كەهەموو تواناكانی خۆی دەخاتەگەر بۆ ئەوەی وەلامی حكومەتی میسر بەدەست بهێنێت، بۆیەرێكخراوی چاك سوید لەپێناوی چارەسەری كێشەكەو دۆزینەوەیان بەدەست هێنانی ئەو بەڵگەنامەكەبۆ ئایندەش دەبێتەمولّك لەسەر حكومەتی میسر، نامەیەك ئاراستەی حكومەتی میسر دەكات كەئەو ئاخفتنەی بەنوسراو پێ دەوێت.. وەلەكۆتایشدا ئەوەمان پێراگەیاند كەئێمەتا ئێستا چالاكیەكانمان بەردەوام كردووە دەیكەین تا بەفەرمی وەلاّم دەدەنەوە...

شایەنی باسەبۆ فشار خستنەسەر حكومەت و قونسلی میسر لەستۆكهۆلم ئەندامانی چاك سوید، ئەم كارو چالاكیانەیان ئەنجام دا، پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ پارتی چەپی سو یدی وئاژانسی دەنگ و باسی سویدیTT، رێكخراوی ئەمنستی / سوید، ناردنی بەڵگانامەو یاداشت ونارەزایەتیەكانی دەیان

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 26-4-2006 20:04

ڕیکخراوی ژنان بۆ ڕۆژنامەکانی سویدی و ئاگادارکردنەوەی چەندین ئەندام پەرلەمانی سویدی کەدۆستی کوردن، وەناردنی بەیانامەی چاک سوید بۆ دەیان ڕێکخراوی جیهانی و ناوەخۆی سویدی وەک (یۆنیفێم، سەنتەری ئۆڵف پالمە، پارتی فیمنیزمی سویدی.... .. وەلەرێی پارتی چەپی سویدەوە توانرا ئەو یاداشتنامەیە بدرێتە دەیان ڕێکخراوی ژنان لەسەرتاسەری جیهاندا.

ڕێکخراوی چاک/ سوید
2006/04/26